# سەرت داخە دەنا براچکۆلەکەم قەت لێت نابووریٚ!!

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

(ئەوەی سەرچاوەکەی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە دوژمنکارە و ناخۆمانە. ناخۆمانە واتە ئەوەی کە دەموچاوی سەیرو سەمەرەی هەیە، شاخی هەیە و کلکی درێژە...
ئەوەی دەهۆڵەکەی باش بۆ ئێمە لێدەدا خۆمانەیە واتە جوانە و راستگۆییەکەی بە ئێمە دەسەلمێنیٚ.)

زۆر دوور نەڕۆین، با چەند لاپەڕەیەکی دنیای ئاژەڵان هەڵبدەینەوە. بەڵیٚ ئێرە جەنگەڵە! ئەو پێگەیەی کە غەریزە فەرمان دەدا. لێرە تەنیا هێزە کە بۆ"مانەوە" دەور دەبینیٚ. رادەی خواردن، کردن، تێربوون، ئاستی هێز دەردەخا. ئەوەی لێی نزیک بێتەوە ناخۆمانەیە، دوژمنە و دەدرێتە بەر پەلامار.

ئەمانە نمونەیەکی زۆر چکۆلەن کە لەنێو ئەفسانە و حیکایەتەکاندا هاتوون و باسی کولتورێکی دیکە دەکا کە جیایە لەوەی خۆی، واتە پێیوایە نامۆیە و بە نامۆی دەبینیٚ، یانی کولتووری خۆمانە نا! ئەویتری ناخۆمانە. """لیونبێرگ""" سەبارەت بە رووبەرووبونەوە لەگەڵ ناخۆمانە دەنووسیٚ: کێتسیاسی یۆنانی لە سالی 500ی بەرلە زایین ناوی بەشێک لە دێوەزمەکانی ریز کرد، باسی ئەو مرۆڤانە بوو کە دەموچاویان گۆڕاوە و بوونەتە دێوزمە و کاری سەیروسەمەرە دەکەن. واتە باسی ئەو کەشوهەوایەی کە لەدەرەوەی یۆنان زاڵ بووە و گەمارۆی داوە.
دێو و درنج، هەژدیها و دوژمنە سەیروسەمەرەکان، شتی سەرسووڕهێنەر دەخۆن بۆ تێربوون، جلوبەرگی سەیر و سەمەرەتر لەبەر دەکەن. شاخیان هەیە و یەکیان لە مەغرییە و ئەویدیکەیان لە مەشریق!

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەو سنوورەیە کە لە نێوان کەشوهەوای خۆمانە و ئەو کەشوهەوایەی کە بەجۆرێک لە جۆراکان ناخۆمانەیە یان خۆی هەڵاویشتووە و بۆتە ناخۆمانە.... ئەمە لە راستیدا کارکردی ئیدیۆلۆژیکیی هەموو کولتوور یان گروپ یان دەستە و تاقمێکە کە خۆی بە رەسەن، ئەسڵ، پاک دادەنیٚ و ئەویدیکە، بە نارەسەن، نائەسڵ، ناپاک دەزانیٚ. خۆمانە یانی ئەوەکە تۆ هەموو کردارەکانی من پەسند بکەی، ملکەچی بی و بۆی لەگەردن بدەی!

هاتنەئارای بابەتی "خۆمانە و ناخۆمانە (بێگانە) لە کۆمەڵگا و لە ئاستێکی بچوکتردا لە نێو حیزب، گروپ، دەستە و باندە جۆراوجۆرەکاندا رادەی گەیشتن بە شارستانییەت یان مەدەنی بوون، یان رادەی دیموکراتیک بوون یان گەیشتن بە جەوهەری دیموکراتیکی نیشان دەدات. لەوشوێنانەی کە نادیموکراتیکن رەوتی بەخۆمانەکردن و ناخۆمانەکردن یەجگار توندو تۆڵە. بەڵام هەرچی چرکەکانی کاتژمێری مێژوو بەرەو دیموکراتیکبوون و ئازادیی هەڵبسووڕێت لە خیرایی ئەم رەوتە بەرەوپاشە کەم دەکاتەوە.
ئەگەر کۆمەڵگا یان هەر گروپێک لە بچووکترین دەروویەکی کە پێی شکبیٚ بەکەیفی خۆی کەڵک وەربگریٚ و دەستی لێبەرنەدا، کۆیەکە کە هێشتا یاسای غەریزە بەسەریدا حوکم دەکا و جەماوەرەکەی بە ناچاریی بە دوو بەشی خۆمانە و ناخۆمانە دابەش دەکا. (لە پێگەیەکی گەورەدا وەک حکومەتی ئیسلامی ئێران، سوریە و لیبی و...).

بەکورتی بۆدواجار وەبیرت دێنمەوە، ملکەچبە لەبەرامبەر دەنگی زۆرینە کە لەڕێگەی ئازاد و سانسۆڕنەکراو و بیٚ فرتوفێڵ کۆبۆتەوە.. دەست لەم خۆشەویستەت (کورسیی دەسەڵات) بەربدە بیسپێرە بەدەستی ئەوەی کە تۆ پێتوایە ناخۆمانەیە و زۆرینەی دەنگی ئازادی پێدراوە، ئەمە تەنیا رێگەی مانەوەیەکی ئەرێنییە. من بۆدواجار پێتی دەڵێم تۆ لەمنی، جارێکی دیکە با دووبارە نەبێتەوە و سەرت داخە لەئاست یەڵدا زیندووەکان، دەنا براچکۆلەکەم قەت لێت نابووریٚ!!

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە